چیرۆکە هەواڵ

# لەنێو گڕی کوێرییشدا، عەشقی پاك هەر دەگاتە ئامانج..

## سامان کەریم - کفری

(دڵشاد) و (شەیما) لەبەردەم دادوەردا بە بێدەنگ وەستابوون و چاوەڕێی دوابڕیاری ئەویان دەکرد.. دوو عاشق، کە بڕیاریان دابوو هەموو شتێك بکەن بەقوربانی ئەو عەشقەیان، کە پێش ساڵێك پتر، بە نیگا گۆڕینەوەیەك دەستی پێکردو ئێستاش گەیشتوون بەم ئانە.. بەڵێ، ئەوان لەیەکترناسینێکی زۆر سادەوە دڵیان بوو بەیەك؛ وەك بڵێی قەدەر وای نووسیبێت، کە هەر دەبێ (دووان)ی زۆر دوور لەیەك، یەکدی بناسن و یەکسەر؛ هەر دوای لەحزەی نیگاگۆڕینەوە بڕیاریاندا، کە یان بۆیەك، یان بۆ گڵ بن..

دڵشاد کوڕێکی گەنجی ئەسمەر ڕەنگ و خڕەلەیە، بەڵام جەربەزەییەك لەچاوانیدا دیارە.. لە خێزانێکی دەستکورتی شاری (کفری)دەژیا؛ دوای ڕووخانی ڕژێم، خۆی بەکاری قاچاخچێتییەوە سەرقاڵ دەکات، هەر بۆ ئەو کارەش ڕێی دەکەوێتە (بەغدا).. ئیدی لەنێوان بەغداو کفریدا دەبێت و وردە وردە وەزعی خۆی و خێزانەکەی لەو ناڵەبارییە قوتار دەکات و نووسینگەیەکی (ئاسنفرۆشی) لەکفری دەکاتەوەو بەردەوامیش پەیوەندی لەگەڵ بەغدادا دەبێت و هاتوچۆی ئەویندەرێ دەکات.. هەتا ئێرە عەشق نەگەیشتووەتە کەلکەلەی مێشك و دڵی دڵشاد و هێشتا تیری عەشقی شەیما دڵی نەپێکاوە..

ئەم زۆر زۆر ڕوودەکاتە بەغدا، تا لەوێ ئەبێتە هاوەڵی (موهەنەد)ی شۆفێری تەکسی و هەموو کارەکانی بەغدا لەگەڵ موهەنەددا مەیسەر دەکات؛ هاوەڵێتییەکەیان تۆخ دەبێتەوە؛ موهەنەد خولقی دڵشاد دەکات بۆ ماڵەوەو ئیدی چەند جارێك بەیەکەوە دەچنەوە ماڵەوە.. لێرەوە چیرۆکی ئەو عەشقە دەستپێدەکات، کە قەدەر دەمێکە نەخشەکەی لەدڵی شەیماو دڵشاددا کێشاوە، شەیما خوشکی موهەنەدە، کچێکی ڕووخۆش و باڵابەرزی چاوڕەشی چاو جوانە، هەر زوو، لەیەك بینیندا عەشق کاری خۆی دەکات، نیگاکانی دڵشادو شەیما زوو زوو دەگۆڕرێنەوە، ئیدی لەو ڕێکەوتەوە چیرۆکی عەشقێکی کەسك ڕەنگی نێوان دڵشادو شەیما دەستپێدەکات..

دڵشاد شێتانە شەیمای خۆش دەوێ و ئەویش بەهەمان شێوە، تا وایلێهات ئەوەندەی ئیشی دەکردو پارەی پێکەوە دەنا، نیوەی بۆ گیرفانی خۆی و نیوەکەی تری بۆ شەیما و ماڵی شەیما خەرج دەکرد.. ئاخر عەشقی ڕاستەقینە سەریشی لەپێناودا دادەنرێت نەك تەنها پارەو پولی دنیا.. دڵدارییەکەی نێوان ئەم دوو گەنجە بەوە دەگات، کە هەردوکیان دەیانەوێت چیدی هەروا نەمێننەوە، بۆیە کوڕە دەچێتە خوازبێنی کچە.. جارێك و دووان و سیان، کەچی دایکی کچە نایەوێت چرۆی عەشقێکی پاك بەر بگرێت و هەر دەستی دەستی بە دڵشاد-ی عاشق دەکات..

ئەفسوس؛ هەمدیس وەك زۆربەی چیرۆکە عەشقەکانی تر، لێرەشدا شتێك بەناوی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و دابی خێزانییەوە دەبێتە مەلۆتکەی سەفەرێکی عەشق و ڕێگای کۆتاییەکەی ون دەکات.. بەڵێ، دایکی شەیما نایەوێت کچەکەی بداتە دڵشاد، چونکە کوڕە خاڵێکی بەتەمایەتی و هەر دەبێ ئەویش لە دڵشاد لەپێشتر بێت، ئاخر ئەوان کوێرن، نازانن عەشق سنور و داب و خوێن نازانێت، دڵشاد با خزمیش نەبێت، بەڵام بەدڵ و گیان شەیما-ی خۆش ئەوێ و شەیما-یش بەبێ دڵشاد ناژی..

"ئەگەر بەو کوڕەم نەدەن، ئەوا ئامادەم کاری زۆر خراپتان بەسەر بێنم" ئەو قسەیە چەند جارێك لە زاری شەیما-ی عاشقەوە بە گوێی دایك و براو خاڵیدا دەدرا، بەڵام سوودی نەبوو، ئەوان بڕیارێکەو داوییانە.. بۆیە کار دەگاتە ترۆپك؛ بەیانیانێکی زوو، کە هێشتا کار لەکار نەترازاوەو کوڕە خاڵ مارەی نەکردووە؛ شەیما تەلەفۆنێکی خێرا بۆ دڵشاد دەکات و بەعەرەبی پێی دەڵێت :"فریام کەوە، تا زووە بگەرە بەغدا و با خۆمان و عەشقێکی ڕاستەقینەی چەند مانگیی نێوانمان قوتار بکەین، وەرە با بەیەکەوە لە دەست جانەوەرە دڕندە عەشق نەزانەکان هەڵبێین...".

دڵشاد بەپەلە خۆی دەگەیەنێتە بەغدا، کە دەبینێت خەریك کار لەکار بترازێت؛ شەیما دەبینێت، تەواو شێواوەو ئەو شەیمایەی جاران نەماوە؛ پێکەوە بڕیاردەدەن بۆ یەکجاری هەڵبێن و پێکەوە بێنەوە کوردستان. هەر واشیان کرد، بەیانییەکی زوو شەیما و دڵشاد سواری ترۆمبێلێك دەبن و بەغدا بەجێدێڵن؛ دەگەنە شاری (خورماتوو) لەوێ بۆ چەند هەفتەیەك دەمێننەوە..

ئەم چیرۆکە ساڵانێك پێش ئێستاش بەهەمان ناوەڕۆکەوە بەسەر دایکی شەیمادا هاتووە، بۆیە ئێستا دایکی شەیما هەر سوورە لەسەر ئەوەی کچە "تاقانەکەی" بداتە کوڕی برایەکەی خۆی،

نەك بە دڵشاد-ێکی کوردی بێگانە.. پاش دوو هەفتە، لە دەسگیرنەبوونی هەواڵی دڵشاد و شەیما، دایکی و برایەکی و خاڵی شەیما دێنە کفری و لە دادگا سکاڵا دژی دڵشاد بەرز دەکەنەوە، کە کچەکەیانی ڕفاندووە.. دادگا و ئاسایش و پۆلیس بەدوای دڵشاددا دەگەڕێن.. دەڵێی نێچیریان ونکردووە.. دواجار دڵشادو شەیما دەدۆزنەوەو دەیانهێننە بەردەم دادوەر، بەڵام ئەمان بێتاوانن.. چ تاوانێکیان نییە تەنها ئەوە نەبێ، کە یەکتریان خۆش دەوێت و نایانەوێ لەگەڵ یەکدا درۆ بکەن.. نایانەوێ بێوەفا بن و حەزیش ناکەن فێری بێوەفایی بکرێن..

"نەخێر جەنابی دادوەر، من نەڕفێنراوم، بەڵکو ئەم کوڕەم خۆش دەوێت و بەئارەزووی خۆم ڕەدووی کەوتووم.. ئەو سێ ڕۆژەشی کە بەنهێنی پێکەوە بووین، عەشقی خۆمانمان پاك ڕاگرتووە..." شەیما ئەوەی وت و درێژەی پێدا، هەموو شتێکی ڕاستیی و کەین و بەینی عەشقەکەی خۆیانی بۆ دادوەر گێڕایەوە؛ دواجاریش وتی:" جەنابی دادوەر دڵشاد بەر دەدەیت؟!" بەو قسەیەی، دنیایەك خۆشەویستی و عەشقی بێسنوری خۆی بۆ دڵشاد دەربڕی.. کۆتاییەکەی وا دەکەوێتەوە، کە عەشق بە سەر کوێرییدا زاڵ بێت؛ بە دوور لە دایك و براو خاڵ، دادوەر بڕیاریدا شەیما لە دڵشاد مارە بکات.